# حوكمه زاتیه كارتۆنیه‌كه‌ی سه‌دام و  فیدرالیه كارتۆنیه‌كه‌ی ناخی جعفری !

جه‌لال به‌رزنجی
ckfa_barzanji@hotmail.com



سه‌رۆك وه‌زیران ئیبراهیم جعفری وه‌ك چۆن سه‌دام پرۆژه‌ی حوكم زاتیه‌كی كارتۆنی له‌ مێشكدا بوو ، ئه‌ویش به‌ زۆری و به‌ ناچاری بیر له‌ فۆرمی فیدرالیه‌ته‌كی كارتۆنی ده‌كاته‌وه‌ هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌مه‌ به‌ته‌نیا بۆچونی ئه‌و نیه‌و بۆچونی زۆرینه‌ی عه‌ره‌به‌ ، ئه‌م بۆچونه‌شۆڤینیه‌تێكه‌ڵ بووه‌ به‌ مه‌زهه‌ب له‌گه‌ل داواكانی كوردی ڕێ ده‌رناكه‌ن ، ئه‌وململانێیه‌ی ئه‌مرۆ لێ ده‌كه‌وێته‌وه‌ كه‌ ده‌بیینین .

دیسان كوردیان تووشی دانوساندن كردۆته‌وه‌ ، من نالێم دانوساندن و دایلۆگ خراپه‌ ، هه‌ندێك بروام به‌م قسه‌ش هه‌یه‌ (رۆژێك دایلۆگ باشتره‌ له‌ سه‌د ساڵ شه‌ر) به‌لاّم له‌سه‌ر چی و له‌گه‌ل كێ دانوساندن ده‌كه‌ی ؟! ئه‌مانه‌ پرسیاری گرنگن ، كورد ئه‌مجاره‌ ئه‌وه‌ نه‌بوو دیسان بكه‌وێته‌وه‌ مفاوه‌زات ، چونكه‌ به‌حساب فیدرالیه‌ت وكێشه‌ی ته‌عریب كردنی كه‌ركوك وناوچه‌ ته‌عریب كراوه‌كانی تر كوردستان وشته‌كانی تر كه‌ ئێستا ناكۆكیان له‌سه‌ره‌ له‌گه‌ڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقی رێكه‌وتنی له‌سه‌ر كرابوو، ئه‌و كاته‌ی به‌نان و ئاو پێشمه‌رگه‌ی كوردی له‌ خزمه‌تیان بووین زیاد له‌ پێویست له‌ بۆچونه‌كانیان دیموكرات بوون ، به‌لاّم ئێستا وا خه‌ریكه‌ ورده‌ ورده‌" سه‌دامه‌ بچووكه‌ " كه‌ له‌ ناخیان گه‌شه‌ ده‌كات .

*كورد و عه‌ره‌ب و مفاوه‌زاته‌كان :-*

تائێستا كورد هیچ له‌ دانوساندنه‌كانی له‌گه‌ڵ حكومه‌ته‌ عێراقیه‌كان سه‌ر كه‌وتوو نه‌بووه‌،له‌ مفاوه‌زاتی ساڵی حه‌فتا ته‌مه‌نم حه‌ڤده‌ ساڵان بوو ، خوێندكار بووم له‌ ئاماده‌ی كوردستان له‌ هه‌ولێر ، به‌یانیان له‌ جیاتی قوتابخانه‌ ده‌چووینه‌  گۆره‌پانی سه‌ر رێگای عه‌نكاوه‌ (ساحه‌ی قه‌ریه‌ زوبات ) یان پێ ده‌گوت ، چونكه‌ ئه‌و كات ماڵی نائب زابت ونائیب عه‌ریفه‌ عه‌سكه‌ریه‌ عه‌ره‌به‌ شیعه‌كان له‌م كۆمه‌ڵه‌ خانوانه‌ بوون كه‌ هی معسكر بوو، كه‌چی ئه‌مرۆ سه‌رۆكی حكومه‌ت و ده‌یان وه‌زیرو نیوه‌ی كورسیه‌كانی  په‌رله‌مانیان هه‌یه‌و هه‌ڵبژاردن و دیموكراسی بۆ وان عه‌یبی نییه‌ ، به‌لام ده‌بێ كورد زۆر له‌ مافه‌كانی كه‌متر داوا بكات ! به‌ پێی رێكه‌وتنامه‌ی

یانزەی ئادار دەبوایە لە چوار ساڵ بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە جێبەجێ بکرابووایە ، کەچی بەعسیەکان کەوتنە پیلان دانان بۆ پەشیمان بوونەوەو کاری تیرۆرو تێکدان، دوایش هێرش کردنەوەی سەربازی بۆسەر کوردستان، لەسالی هەشتاو سێ دیسان حکومەتی عێراقی لە دانوساندنی لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دانی نەهێنا بە مافە شەرعییەکانی کوردو پەلاماری سەربازی دەست پێ کردەوە بۆسەر هێزی پێشمەرگەی (ی,ن,ك) تراژیدیای کیمیا باران و ئەنفال ی لێ کەوتەوە.

لە مفاوەزاتی سالی 91 دوای ڕاپەرین کەوا زوومی کامیرا تراژیدیای کۆچی ملیۆنی کوردی گەیاندە هەموو دنیا، وەفدی کوردی بە مانگ بۆمفاوەزات لە بەغدا دەمانەوە ، مفاوەزاتەکە قسەکەی " تاریق عەزیز " ی لێ کەوتەوە کە گووتبووی (( بۆ کەرکوك ئەوەندە هەقەتان پێ دەدەین گەر بە ناویدا ڕەت بوون دەتوان بۆی بگرین))

بۆیە مفاوەزات لە گەل حکوومەتە عێراقیەکان کوتانەوەی ئاسنی سارد بووە.مفاوەزاتی ئەم جارەش لە گەل زۆرینەی عەرەبە عێراقیەکان ، کەهێشتا حکومەتێکی دەلەمەیە ولاوازە وەزعی عێراق وانیە ئیرەیی پێ ببرێ،کەچی هەموومان هەڵوێستی شۆڤینیانەیان دەبینین ، بە ئاشکرا دیارە ئەوانیش لە فیدرالیەتەکی کارتۆنی زیاتر بۆ ئێمە بە حەرام دەزانن .